سودانی لەبانگەوازەکدا بە عێراقییەکان: بەشداری بکەن لە داهێشتنی ئایندە لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە

ئەمڕۆ هەینی، سەرۆك ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، وتارێکی ئاراستەی گەلی عێراق کرد و تێیدا داوای بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکە کرد.

سەرۆك وەزیران لە وتارەکی تەلەفزیۆنی کە موتەبع بەدواداچووی بە کردووە، ڕایگەیاند: حکومەت لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا کاری لەسەر تەواوکردنی سەرجەم پێداویستییەکان کردووە بە دەنیابوون لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لەکاتی خێیدا و بە ئامادەیی تەواو لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوکاریمان لەگەڵ کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردووە.

وتیشی: هەموو پێداویستییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنمان دابینکردووە، لە چوارچێوەی ئەرکمان کە بە پێشییبوونەکی بەرز و بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی دەسەزانە ئەنجامدرا، دوای ئەوەی پێشتر لە چوارچێوەی پابەندبوونمان بە بەرنامەی حکومەت، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان دوای دە ساڵ لە دوایین هەڵبژاردن ئەنجامدا، و بە تایبەتی لە کەرکوك کە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی 2005 تێیدا بەڕێوەچوو، هەروەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشدا: ئەم هەڵبژاردنانە موکی گەلن و دەنگتان بناغەی پرۆسەی دیموکراسییە و ئەوە خاوەنی بڕیارن، بڕیە داواتان لەدەکەین هەمووتان مافەکانتان بە ئازادی و بە ئاگایی و بە

بەرپرسیارێتییەو بەکاربهێنن.

سەرۆك وەزیران داوای لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق کرد کە بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بکەن و وتی: چونکە ئێمە پەمان وایە دەنگەکانتان ئەمانەتەکە و بەرپرسیارێتی و بەهایەکی بەرزە، دەنگتان دەنگی داهاتووە، بەیە داهاتووتان بە ئازادی و بەبە زەر و فشار هەڵبژێرن، چونکە جیهان بە گشتی ئەمە چاوەڕێی بەرهەمی ئەزموونی دیموکراسییە، بەیە بەشداریکردنتان پەیامەکی هوون دەبێت دەربارەی عێراقی نوێ کە تێیدا رەڕەکانی بە پێداگری بەردەوامن لە گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات، لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە.